www.kurdistannet.org
5-7-2007 20:47بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**شیلانە ... ڕووناک شوانی:**



هەموو ڕۆژێ لە هەمان کات و هەمان شوێندا لە سەر سووچی کۆڵانەکەیان چاوەڕوانی دەبوو، هەربۆ ئەوەی لە دوورەوە چاوی بە بەژن وبالای شاد بێتەوە. شیلانە نەیدەزانی بۆچی لەگەڵ بینینی ئەودا دەستەکانی دەلەرزین و لێدانی دڵی خێراتر دەبوو، ئاخر ئەو هێشتا لە واتاکانی عەشق نەگەشتبوو، ئەو خورپەیە بۆ ئەو نائاشنا بوو، هەر هێندەی دەزانی ئەو ئاسوودەییە نامۆیەی لە چرکەکانی بەیەک گەیشتنی نیگاکان لە دڵە پاکەکەی ئەنیشت بێوێنە بوو. هەتا ئەو ڕۆژەی ئەو بڕیاریدا نامەیەکی بۆ بنووسێ و ڕازی دڵی خۆی بۆ بدرکێنێ. ئەو ئێوارەیەش هەروەک ڕۆژەکانی پێشووتر ئەو هەر لەو شوێنەدا لە چاوەڕوانیەکی بێکۆتاییدا بوو هەتا بەژن و بالا نەشمیلانەکەی شیلانەی لێدەرکەوت، تا گەیشتە سەر سووچی کۆڵانەکە ئەم بە شوێنیەوە بوو هەتا بوارێکی بۆ ڕەخسا و نامەکەی دایە دەستی. شیلانە ئازای جەستەی دەلەرزی شادی و ترس لە لای ئاوێتە بەیەکتر بووبوون. نامەکەی لە گیرفانی چاکەتەکەی شاردەوە، پێش ئەوەی بگەیەتە بەر دەرگایماڵەکەی خۆیان دەستی برد بۆ گیرفانی و نامەکەی دەرهینا و لە دوو توێی یەکێ لە کتیبەکانی ناو جانتاکەی شاردیەوە. کە شەو داهات و هەموو نووستن ئەو کات نامەکەی خوێندەوە، لەگەڵ هەموو وشەیەکدا لە دەور و بەر دائەبڕا و ڕوو لە دنیایەکی دی بوو، چاوەکانی خێراتر بە شوێن ڕیزبەندی وشەکان ڕایاندەکرد، هەستی ئەکرد ڕاز و نیازەکان لە دڵە پڕ سۆزەکەی خۆیەوە دەدوین، وەڵامی پرسیارەکان و ئەو نهێنیەی بۆ ئاشکرا بوو کە لە ڕۆژی بینینی ئەوەوە لە لای دروست بووبوون. چەند جارێک نامەکەی خوێندەوە، ئەو شەوە لە خۆشیدا خەوی لێ نەدەکەوت تەنها بیری لە نامەکە و لەو دەکردەوە، نەیدەزانی چۆن و کەی وەڵامی بداتەوە. هاوکات دڵە ڕاوکێ و ترسێکی سامناک لە ئاشکرا بوونی نامەکە و ئەم ڕازانە چنگیان لەو چرکە ساتە ئەفسووناویە گیر دەکرد و وەک ملۆزم ئارامی لێ دەبڕی. لەگەڵ لێکدانەوەی ئەم هەستە تێکەڵ بە یەکەدا خۆیشی نەیزانی کەی خەوی لێکەوت. ڕۆژی دواتر بە تاسەوە چاوەڕوانی ژووانی ئەو بوو، ئەمجارەشیان بە زەردەخەنەیەکی عەشق ئامێزەوە پێشوازی لەو کرد، ئەمیش لای خۆیەوە وەڵامی نامەکەی وەرگرتەوە و نامەیەکی تریشی پێگەیاند، ئەویشی لە دوو توێی دڵیدا شاردەوە و بەرەوماڵەوە بەڕێکەوت. چەند ڕۆژێک بوو شیلانە دیار نەبوو، ئەم نیگەرانی و خەم دایگرتبوو، نەیدەزانی چۆن خۆی پێبگەیەنێ و هەواڵی بزانێ، چەند جارێک بە بەردەم ماڵیاندا تێپەڕی، نە شیلانەی بینی و نە هەواڵێکی زانی. پاش هەفتەیەک لە چاوەڕوانی جارێکی دی بەرەو گەڕەکی ماڵی دڵەی ونبووی ڕێگەی گرت بەر، دڵی داخورپا کە بینی تاتە شۆرەیەک لەبەر دەرگای ماڵی ئەوان دانرابوو، چەند ژنێکی عەبا بە سەر لە ماڵی شیلانەوە هاتنە دەر، لێیان نزیک بووەوە و پرسیاری کرد چی ڕوویداوە؟ هەواڵی زانی کە کچی ئەو ماڵە خۆی سووتاندووە و مردووە.

ستۆکهۆڵم
2007/6/30

تێبینی/
1. بیرۆکەی ئەم کورتە چیرۆکە ڕووداوێکی ڕاستەقینەیە، لە بەروارێکدا لە شاری کۆیە ڕوویداوە.
2. شیلانە ناوێکی خوازراوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.